**حکومەتی هەرێمی کوردستان - عیراق**

**وەزارەتی خوێندی بالاو توێژینەوەی**

**زانستی زانکۆی صلاح الدین - هەولێر**

**کۆلێژی پەروەردە بەشی زمانی کوردی**

# ڕەمز لە شعرەکانی عبدڵڵا پەشێو دا

پێشکەش بە ( کۆلێژی پەروەردە بەشی زمانی کوردی ) کراوە ، وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەست هێنانی بڕوانامەی بە کالۆریۆس لە ( زمان و ئەدەبی کوردی )

ئامادەکراوە لە لایەن :

**معروف رشید سلیم**

بەسەرپەرەشتی :

**د. سلیم رشید صالح**

**٢٠٢٣ – ٢٠٢٤**

بسم الله الرحمن الرحيم

اقرأ باسم ربك الذي خلق ۝ خلق الإنسان من علق

اقرأ وربك الأكرم ۝ الذي علم بالقلم ۝ علم الإنسان ما لم يعلم

## سوپاس و پێزانین

- سوپاس بۆ خوای گەورە و میهرەبان و باڵادەست کە ئەم توانایەیی بەمن بەخشیوە لە ژیانمدا و هەموو نیعمەتەکانی ژیانم کەپێی داوم.
- سوپاس بۆ باوک و دایک و برا و خوشکەکانم کە هەمیشە پاڵپشتم بووینە و پشت و پەنام بووینە.
- سوپاس بۆ هەموو کەسم و پشت و پەنام ( مامۆستا یەحیا ڕەزا ).
- سوپاس بۆ هەموو ئەوانەی کە ڕۆژەک لە ڕۆژان بەیەک وشە منیان هانداوە.
- سوپاس بۆ ( دکتۆر سلیم رشید ) کە ئەرکی سەرپەرشتی ئەم توێژینەوەی منی گرتە ئەستۆ.
- سوپاس بۆ هەموو ئەو دکتۆر و مامۆستایانەی کە لە کاروانی فێربوونمدا لەگەڵم بووینە و منیان پێگەیاندووە.

## پێشکەش بە

- گۆڕی پڕ نور و گیانی پاکی باوکم لە گۆڕەکەیدا.
- بەدایکی ئازیز و ماندوو خەمخۆر و تێکۆشەر و ماندوو نەناسی من.
- برا جوامێرەکەم برا ماندووەکەم.
- هەردوو چاوی ڕاستە و چەپم کە هەردوو خوشکە جوان و ئاقڵەکەمن.

**بڕیاری سەرۆکی بەشی زمانی کوردی**

بەپێی پێشنیاری سەرپەرشتیاری خوێندکار ئەم توێژینەوەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم

واژوو :

ناو :

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٤

بریاری لیژنەی گفتوگۆکردن ئیمە ئەندامی لیژنەی گفتوگۆی توێژینەوە ( رمز له شعرەکانی عبدالله پەشێو ) مان خوێندەوە لەگەل فێرخواز ( معروف رشيد سليم ) دا گفتوگۆمان کرد دەربارەی ناوەرۆک و لایەنەکانی توێژینەوەکە کرد پێمان وایە شایەنی پەسەندکردنە بە پلەی (      )

واژوو:

ناو:

رێکەوت:          /          / ٢٠٢٤

## ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ٢ |
| ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوە | ٢ |
| هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە | ٢ |
| گرفتی بەردەم لێکۆڵینەوەکە | ٢ |
| ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە | ٢ |
| بەشی یەکەم | ٣ — ١٥ |
| زاراوەی ڕەمز | ٤ — ٦ |
| چەمک و پێناسەی ڕەمز | ٧ - ١٠ |
| سایکۆلۆژیەتی ڕەمز | ١١ |
| ڕەمز لە شیعردا | ١٢ - ١٣ |
| جۆرەکانی ڕەمز | ١٤ - ١٥ |
| بەشی دووەم | ١٦ - ٢٥ |
| پڕاکتیزە کردن لە شیعرەکانی عەبدوڵڵا پەشێودا | ١٧ |
| نموونەی شیعریەکان | ١٨ - ٢٥ |
| ئەنجامەکان | ٢٦ |
| لیستی سەرچاوەکان | ٢٧ |

## پێشەکی

١- ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە :(ڕەمز لە شیعرەکانی عبدڵڵا پەشێو)دا ناونیشانی لێکۆڵینەوەکەیە،هەوڵێکی سەرەتاییە بۆ تێگەیشت و کارکردن لەسەر بابەتی(ڕەمز) بە تایبەت لەسەر شیعرەکانی (عبدڵڵا پەشێو) لەم لێکۆڵینەوەیەدا پێناسە و چەمکی هێما و مێژوو هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شیکراوەتەوە،پاشان بەشێوەیەکی کارەکی لەسەر شیعرەکانی(عبدللا پەشێو)جێبەجێکراوە.

٢- هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە :هۆکاری سەرەکی دەگەڕیتەوە بۆ کەمتر کارکردن لەسەر شیعرەکانی(عبدڵڵا پەشێو)و بە تایبەت لایەنی ڕەمز لە شیعرەکانیدا.

٣- گرفتی بەردەم لێکۆڵینەوەکە :لە کاتی دەستکردن بە هەر کارێک مرۆڤ توشی چەندین تەنگ و چەڵەمە و ئاستەنگی دەبێتەوە ، گرفتی سەرەکی بارودۆخی خوێندن بووە.

٤- ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە ڕێبازی شیکردنەوەی پەسەندکارانە، هەر لەم ڕێگایەشەوە چەمکەکان شیکراونەتەوە .

**بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە بە گشتی جگە لە پێشەکی ئەنجام و لیستی لە سەرچاوەکان لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت.**

بەشی یەکەم: ئەم بەشە تایبەتە بە پێناسە و چەمکی ڕەمز و زاراوەی ڕەمز و جۆرەکانی و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی.

بەشی دووەم: لەم بەشەدا لە ڕوی پراکتیکییەوە ڕەمز لە شیعرەکانی ( عبدڵڵا پەشێو)دا شیکراوەتەوە لایەنە تیۆرییەکانی لەسەر جێبەجێکراوە

# بەشی یەکەم

# زاراوە و چەمک و پێناسەی ڕەمز

## بەشی یەکەم

زاراوە و چەمک و پێناسەی ڕەمز

### زاراوەی ڕەمز:

هەر زاراوەیەک ڕوبەڕێکی دیاریکراو دەگرێت لەنێو ئەو بوارەی بۆی دادەنرێت. ڕەمز (سمبول) یش یەکێکە لەو زاراوانەی لەژێر کاریگەری زمانی عەرەبی و زۆرجاریش لەژێر کاریگەری زمانی بێگانە بەتایبەتیش لەڕێگای زمانی ئینگلیزیەوە هاتونەتە نێو زمانی کوردی ولەبواری ئەدەبدا بەگشتی و لەئەدەبی هاوچەرخدا بەتایبەتی زۆر باکرهاتووە و دێت. عەرەبەکان بەدرێژای قۆناغە مێژوویەکان، واتە لە سەردەمی جاهیلیەوە تا سەردەمی نوێ و هاچەرخدا ئەم زاراوەیان بەکارهێناوە، بەڵام بەکارهێنانەکەی لە چوارچێوەی واتا زمانە گشتیەکەدا بووە، نەک بەواتا هونەریەکەی، کە ناسینی بۆ نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە.

-لەبنچینەدا زاراوەی) سمبول (symbol لەکاری یۆنانی (symballien) وەرگیراوە Sam ، بەواتای (لەگەڵ) و (ballien) بەواتای بایەخدان و ڕێز لێنان پێکهاتووە و دەگەڕێتەوە بۆ ((پارچەیەک خەزەف))یا هەر دەفرێکی تایبەت ، کەبۆ میوان بەکاریان دەهێنا یا پێیان دەبەخشی وەک دیاردەیەک بۆ پتەو کردنی نێوانیان ، ئەم دوو شتەش: ڕەمز و واتاکەیەتی ناوەکەشی واتا ئیشارەت.

ڕەمز وشەیەکە بۆ واتای فەرهەنگی خۆی بەکار نایەت و بۆ مەبەستێکی تر بەکار دێت.(د.محمدی مەحویی،٢٠٠٨)

ڕەمز کەبەواتای کۆکردنەوە دێت، واتا کۆکردنەوەی زیاتر لەدەلالەتێک لە پەنا ئەو وشانەی شاعیر بەکاریان دەهێنێ ، بەمەش دەگەینە ئەوەی کە ڕەمز دوو شت.

هەڵدەگرێ کە بریتیە لە:

١ -بەشداریکردنی دوو وتا یان زیاتر لە یەک وشەدا.

٢ -شاراوەی واتایەک و دەرکەوتنی ئەوەی تریان ، لە پێناو ئیحا بەخشین و کاریگەری مەعنەوی و دەروونی.

بەکارهێنانی(Symbol) یش مێژوویەکی دوور و درێژی لە زانستی ) لاهوت (theology /هەیە کە هاواتای (creed) واتە ((دەستوری باوەڕی مەسیحیەت)) هەر

لە دێرینەوە لە دروشمە ئاینی و هونەرە جوانەکاندا بەگشتی و لەشیعریشدا بەتایبەتی ، بەکار هاتووە کە ئێستاش بەهایەکی ئیشارەت ئامێزی لە لۆژیک و بیرکاری و سیمانتیکدا هەیە. بۆیە گەلێ جۆری ڕەمز دیاریکراوە وێنەی ڕەمزی زانستی، ڕەمزی زمانی ،ڕەمزی ئایینی ڕەمزی هونەری.

ئەو خاسیەتانەی گشت ئەم جۆرانەی ڕەمز کۆدەکاتەوە بریتین لە:

١ –هەموو ڕەمزێک لەبری شتێکی ترە.

٢ –هەموو ڕەمزێک نیشانەی دووانەیی هەیە.

٣ –هەموو ڕەمزێک ڕەگەزی واقیع و خەیاڵی تێدایە.

٤ –هەموو ڕەمزێک خاوەنی هێزێکە ، یا خاوەن ئەرکێکی دوانەییە.

ئەم زاراوەیە ، واتە( symbol)لە گەلێک لەزمانەکانی جیهاندا بەکار هاتووە دێت،

بەڕادەیەک دەتوانرێت بوترێ بۆتە زاراوەیەکی جیهانی ، ئەو زمانانەی وەریان گرتووە

بەگوێرەییاسای فۆنۆ لۆجی زمانەکەیان گۆڕانکاریان لە نوسین وگۆکردنیدا کردوە.

لەزمانی ئینگلیزیدا symbol) و لە فەڕەنسیدا (symbole) لە ڕووسیدا (^Cumbo)و

لە ئیسپانی (simbolo)بەم شێوەیە...هتد.

لە زمانی فارسیشدا زاراوەی (ڕەمز) و (سمبل) یا (سمبول) و (نماد) بە کاردەهێنرێت

و (نمادگرایی)یش بەرامبەر بە رەمزییەت بەکاردەهێنرێت . لە نێو رەخنەسازی

کوردیشدا زاراوەی (ڕەمز) هەر لە سەرەتاوە لە پاڵ (هێما) و (نیشانە)دا بەکارهێنراوە.

هەروەها (جەڤەنگ)یش لای هەندێ لای شاعیرانی وەکو (جگەر خوێن) و ڕوانگەییەکان بەدی دەکرێت ، بەڵام وەک زاراوەی زۆربە دەگمەن بەکارهاتوە.

لە نێو زاراوەی کوردیدا

(هێما)و(ئیشارەت)و(عاشیرەت)و(هێشتان)و(اشارە)و

(هنوز) بەکار هاتووە.(هەنبانە بۆرینە)

جگە لە (ڕەمز) ، زاراوەی (سمبول)یش لە ژێر کاریگەری و ئاشنایەتی ئەدەبی بێگانە ، یەکێکە لەو زاراوانەی لە لێکۆڵینەوە و باسە هاوچەرخەکاندا زۆر بەدی دەکرێت.

بەڵام بەهۆی نەبوونی دامودەزگایەکی ڕێکخەرو یەکخستنی زاراوە سازی ، سەرنجی

ئەوە دەدەین کە پەرش و بالاوی و جۆرە تێکەڵەیەک لە نێو زاراوەکانی بواری ئەدەبی لە رەخنەی کوردیدا بەدی دەکرێت . بۆ نمونە: ئەگەر (هێما) بۆ (ڕەمز) دابنرێت ئە وا (هێمایی) بۆ (الرمزیە). کە ئەمەی دووەمیان هەروەک د.کامیل بەسیر لە کتێبی (رەخنە

سازی)دا ئاماژەی بۆ کردوە و دەڵێ : ووشەی (هێمایی) لە فەرهەنگی کوردیدا هەندێ جار بەرامبەر بە ووشەی (الرمزیە)ی عەرەبی بەکارهێنراوە . ئەم بەکارهێنانەش ڕەنگە لە ڕووی زانستی ووشەسازییەوە کارێکی زانستی نەبێت ، بەڵام لە سوچی واتاوە تا ڕادەیەکی زۆر مەبەستی ئەو ووشە عەرەبیە دەهێنێتە دی و لە سروشتی ڕێبازی (ڕەمزی)ی ئەوروپی نزیک دەبێتەوە.

ڕەمز لەگەڵ لە دایکبوون و بە دیار کەوتنی ئەدەب سەری هەڵداوە ،بۆیە ئەدەبی

کوردیش لەم دیاردەیە بێبەش نەبووە، بەڵام لە ئەدەبی نوێ و هاوچەرخدا وەک چەقێک

خۆی نیشان داوە:((چڕی بەکارهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ دوای شەڕی دووەمی جیهانی)).لە سالآنی حەفتاکان لە ژێر کاریگەری ئەدەبی عەرەبی و سیماکانی ڕێبازی

ڕەمزی و دۆخی تایبەتی کورد،لە ئەدەبی کوردیدا بە زەق و زۆپی بەدیار کەوت (مەحمود،ئازاد ئەحمەد٢٠٠٩ ).

## چەمک و پێناسەی ڕەمز

هەر لەسەرەتاوە لێکۆڵەرە و ڕەخنەگرەکان لەگەڵ زاراوە و دیاری کردنی چەمکەکانیان ڕوبەڕوی کێشە و وەستان و تێڕامان بونەتەوە . ڕەمزیش یەکێکە لەو بابەتانەی کۆمەڵێک پێناسە وبۆچونی هەمە جۆری لەبارەوە وتراوەو لە ڕوانگەی بۆچون و پسپۆڕی کەسەکە مامەڵەی لەگەڵ کراوە.

ڕەمز وەک لە(لسانالعرب)دا هاتوە بەوە پێناسە دەکرێت ، دەنگ لێوە هاتنێکی نزم وەک بە چپەوە دوان جواڵندنی لێو بە وتەی تێنەگەشتوو ئیش ارەت دان بەلێو وتراوە

ڕەمز ئیشارەیە بە چاوبرۆ و لێو. لە پێناسەیەکی تر دا بۆ ڕەمز دەڵێت واتە ئیشارەت بۆشتێک دەکات بونێکی سەر

بەخۆی هەیەو ئەو شتە دەنوێنێ و شوێنی دەگرێتەوە لە زانستدا بۆ مەبەستی کورت کردنەوە بەکاریەت لە ئەدەبیشدابەمەبەستی چڕکردنەوەی بیڕوباوەڕو بیرێکی فراوان دێت ،کە ئەمەش ئەرکی ڕاستەقینە و سەرەکی شعرە بابەتەکان لە بۆتەیەکی دیاریکراودا دابڕێژرێت لەپاڵ ئەرکە ئیستاتیەکەیدا.

عەرەبە دێرینەکان ڕەمزیان بەوە پێناسەکردووە ( بریتیە لە ئاماژە پێکردن ) واتە بەکارهێنانی چیرۆک یان بابەتێکی ئەفسانەیی یان کەسایەتیەکی هەڵکەوتوو

یا پلەی لەوچو بەمەبەستی زیادکردنی هەڵچون لەمانەش ناوازە تر کاسیر١٩٤٥- ١٨٧٤ فەیلەسوفی بەناوبانگ لە کتێبەکەی (فەلسەفەو شێوە ڕەمزیەکاندا ) لای وایە

مرۆڤ بونەوەرێکی خاوەن ڕەمزو ئەفسانەو ئاین و زمان و هونەر و مێژوو زانست ، گشت ئەم چالاکیانە ڕەمزن بۆ شارستانێتی مرۆڤایەتی کەواتە بابەت و ناوەرۆکەکانی

ئەم لایەنە هەمەجۆرانەش ڕەمزی بیرکردنەوە و بۆچونەکانی مرۆڤن و بەهۆی ڕەمزەکانی زمانەوە دەردەبڕدرێت.

بە شێوەیەکی گشتی ڕەمز سێ چەمکی هەیە کەبریتن لە :

١ . کورتەی ئەو بنەمایەی ئایینداڕەکان لە کلێسەکاندا ئەنجامیان دەدا، ئەمەش مانای دێرینی ئەو زاراوەیەیە ، واتەدەستوری باوەڕی مەسیحی.

٢ .دروشم _ کەڕێبازێک یان کەسێک یا خێزانێک یان نەتەوەیەک [یاپارتێک] لە یەکێکی تر جیادەکاتەوە ، ئینجا ئەمە یا بە وتەیەکی کورتی پڕ مانا یا بە وێنەیەک دادەڕێژرێت.

٣ . ، ئەو شتەی لە واتادا شوێنی شتێکی تر بگرێتەوە ، نەک بە هاوتایەکی تەواو ، بەڵکو بە ئیحا یا بونی پەیوەندییەکی ناسراو لە نێوانیاندا .[مەرج نیە پەیوەندیەکە ناسراو بێت، بەڵکو زۆر جار لە یەکەوە دورن بەڵام شاعیر لە سایەی دێرەکانیدا نزیکیان دەخاتەوە ، تەنانەت زۆرجار دژایەتیش لە نێوانیاندا هەیە.

هەندێکیش دوو چەمکیان بۆ ڕەمز دیاری کردووە کە ئەمانەن:

١ . هێنانەوەی شتێک لە بڕی شتێکی تر ، یان ئیحا بۆ شتێکی تر بدات. ( لەو ڕوانگەیەوە هەموو وشەکان ڕەمزن. [ لە بەکارهێنانیشیان لە ئەدەبدا دووجار دەبن

بە ڕەمز کە ڕەمزی دووەمیان بایەخی پێ دەدرێت ] شتێک دەنوێنن و سەرچاوەکەشیان شتێکی ترە.

٢ .ڕەمز لە ئاکامی کاریگەری و توانەوەی دوو ، شت لە نێو یەکتریدا دروست دەبێت کە یەکێکیان دیار و ئەوی تریان شاراوەیە .

هەروەها لە فەرهەنگی) وبستەر (Webester یش ڕەمز بەوە دیاری کراوە کە : ئەوەی ئاماژە بە شتێکی تر یا واتایەکی تر دەکات بەهۆی بوونی پەیوەندییەک لە نێوانیاندا . گۆتە Goethe) ١٧٤٩-١٨٣٢ (ی شاعیری ئەڵمانی لە پێشەنگەکانە کە چەمکی ڕەمزی

بە شێوەیەکی ئەدەبی و نوێ ، لە ساڵی١٨٩٧ لە ئاکامی سەردانێکی بۆ (فرانکفۆرت) بەوە دیاری کردووە: کاتێ خود لەگەڵ بابەت تێکەڵ دەبێت (ڕەمز) دەدرەوشێتەوە ، کە تێیدا پەیوەندی مرۆڤ بە شت دەنوێنێ ، هەروەها سروشت بەمەش گونجانێکی قوڵ لە نێوان یاساکانی ویژدان و سروست دەهێنێتە دی.لەوانەیە (ئەرستۆ)-Aristote) ٣٨٤-٣٢٢ پ.ز (دێرینترینیان بێت کە لە ئاستی زماندا ئاماژەی بۆ ڕەمز کردبێت و لای وابوو وشەکان ڕەمزن بۆ مانای شتەکان ، واتە ڕەمزن بۆ چەمکی شتە هەستپێکراوەکان لە پلەی یەکەمدا و دواتریش ئەیستراکتە پەیوەستەکان لە پلەیەکی بەرزتر لە پلەی شتە هەستپێکراوەکاندا و دەڵێ (ووشە گۆتراوەکان ڕەمزن بۆ حاڵەتە دەرونیەکان ، وشە نوسراوەکانیش ڕەمزن بۆ ووشە

گۆتراوەکان). هەروەها (ئەرستۆ) سێ ئاستی سەرەکی بۆ

(ڕەمز) دەستنیشانکردوە بریتین لە:

یەکەم : ڕەمزی تیۆری یان لۆژیکی

(Theoretical or Logic Symbol) کە بەهۆی

پەیوەندی ڕەمزی زانیاری دەست دەخات.

دووەم : ڕەمزی کارەکی یە (Practical Symbol)کە بە واتای کردار دێت.

سێیەمیشیان : ڕەمزی شیعری یا ئیستاتیکی یە

(Poetical or Aesthetic symbol)

بە واتای حاڵەتیکی ناوەکی وەک یەکێ لە حاڵەتەکانی دەرون دێت گوزارشت لە هەڵوێستێکی عاتفی یا وژدانی دەکات.

ئەوەی لەم دابەشکردنەی (ئەرستۆ) بەدی دەکرێت ، ئەوەیە کە ئاستەکانی

گەڕاندۆتەوە بۆ لۆژیک و رەوشت و هونەر بەوەی لۆژیک پۆلێنێکی ڕەمزی زانیاری و وێنە تەواوەکانە ، ڕەمزی کارەکی گرنگی بەو بنەماو یاسایانە دەدات کە

هەلسوکەوت ڕێک دەخات ، بەڵام ڕەمزی ئیستاتیکی دەگەڕێتەوە بۆ ئینتیباعاتە خودی و حاڵەتە ویژدانیەکان ، لەبواری داهێنەرە هونەریەکاندا سەرهەڵدەدا.

بە هەرشێوەیەک بێت ، لە دیاری کردنی چەمکی ڕەمزدا لەبەرچاو بگرێت:

١ . ئاستی دارشتنی هونەری و قالبە ڕەمزییەکەی.

٢ . ئاستی ئەو ئیحایەی کە لە ئاکامی لێکچونی باری دەرونی دێتە کایەوە.

هەرچەندە جیا کردنەوەیان کارێکی ساختە ، چونکە بە دوو ڕووی یەک شت دادەنرێن ، نەک دوو شتی جیاواز.

تێروانینی (کۆلردج)__coleridg) ١٧٧٢-١٨٣٤ (بۆ ڕەمز لەسەر بنەمای تیۆرەکەیدا لە باری جیاکردنەوەی ئەندێشە (imagination) و وهم (fancy) بنیادنراوە ، لای وایە ئەندێشە هێزێکی چالاکە وبابەتەکان دەتوێنێتەوە لە سستمێکی نوێدا دروستیان بکاتەوە .بەڵام وەهم ڕێگەیەکە لە ڕێگاکانی بیرکەوتنەوە. بابەتەکەی بە گوێرەی یاسای تەداعی (association)دەدۆزێتەوە . ئەم جیاکردنەوەش بۆ ئەمە بووە کە ئەندێشە بکاتە بنکەی ڕەمز دروست کردن. لە ڕووی دەرونیشەوە، بە هۆی (کارل

یۆنگ__carljung) (١٨٧٥_ ١٩٦١)ەوە تێروانینی دەرونی بەهێزترین وێنەی بە ڕەمز بەخشی و نزیکترین شێوەش بەبواری ئەدەبی ، چونکە لە بنەڕەتدا ئەوە ڕەتدەکاتەوە

کە ڕەمز- هەروەک (فرۆید)بۆی چوە- تەنیا سەرهەڵبدا

بەڵکو لە ئاکامی تێکەڵبونی هەست و نەستەوە دروست دەبێت. ئەمەش سروشتی سەیری ڕەمزمان بۆ دەردەخات. ئەو سروشتە دوان یەی کە ڕاستەقینەو نا ڕاستەقینە لە هەمان کاتدا کۆ دەکاتەوە.

بۆدارێر__beauduarire) ۱۸۲۱_ ۱۸٦۷) یش لای وابوو جیهان دارستانێکە پڕ لە نیشانەو ئیشارەتی ڕاستەقینە ، کە چاوی کەسانی ئاسایی نایبینێ ، تەنها شاعیر

دەتوانێ ئەم نیشانانە لیک بداتەوەو دەریان ببڕێت . زۆر هەوڵی تازەش بە مەبەستی زیاتر ناساندنی ڕەمز نراوە ، کە گرنگترینیان کۆبونەوەی کۆمەڵەی فەلسەفی فەڕەنسی لە ( ۷ )ی مارتی ۱۹۱۸ دا بوو ، تێیدا چەمکی ڕەمز تاوتوێکرا ، بەشداربوان لەسەر ئەوە

ڕێککەوتن کە ڕەمز: شتێکی هەست پێکراوی پڕ بایەخە وەک ئاماژەکردن بە شتێکی مەعنەوی کە بەر هەستەکان نەکەوێت ، ئەم بایەخەش لەبەر بونی لێکچونە لە نێوان دوو شتەکەدا کە ئەندێشەی ئاماژەکەرەکە هەستی پێدەکات . لەو کاتەوە ڕون بوەتەوە کە ڕەمز هەڵگری دوو

واتای گرنگە:

١ . ڕەمز پێویستی بە دووئاست هەیە : ئاستی شتە هەستیەکان یان وێنە هەستییەکان ،کە دەبنە قاڵبێک بۆ ڕەمز ئاستی حاڵەتە مەعنەوییە ئاماژەپێکراوەکان ، کاتێک ئەم دوو ئاستە لە پرۆسەی داهێناندا تێکەڵ دەبن ، ڕەمز دروست دەبێت.

٢ .دەبێت پەیوەندییەک لە نێوان ئەم دوو ئاستەدا هەبێت ، ئەم پەیوەندییە هێزێکی نواندنی ناوەوە بە ڕەمز دەبەخشێ ، واتە پەیوەندییەکی لێکچون هەیە ، مەبەستیشی لەو پەیوەندییە ، وەک یەکی نیە لە سیما هەستییەکاندا ، بەڵکو مەبەست ئەو پەیوەندیانەی ناوەوەیە کە لە نێوان ڕەمز و ڕەمز بۆکراوەکە لە سستمێکی ڕێک و گونجاودا سەر هەڵدەدەن.

ئەگەر بنچینەی ڕەمز لێکچونی پاشماوەی دەرونی (analogy) بێت ، نەک لاساییکردنەوەی دەرەوە (imitation)، ئەوا ئەنجامە راستەوخۆکەی دەبێتە مایەی ئەوەی ڕەمز (بڕیاری لەسەر نادرێ) یا (وەسف ناکرێ) بەڵکو (ئاماژە دەدا) و (ئیحا دەبەخشێ) ، بەو سیفەتەی کە دەربڕینی ناڕاستەوخۆ لایەنەکانی دەرون و پەیوەندی

نێوان خود و شتەکانە ، کە هەستەکانی تێدا لە ڕێگای وروژاندنی دەروون نەک لە ڕێگەی ناونان و ئاشکرایی لە دایک دەبێت.

## سایکۆلۆژیەتی ڕەمز

لایەنێکی تری ڕەمز بەستنەوەیەتی بە لایەنی دەرونیەوە. چونکە گوزارشت لە نادیارو خەون و ئاستەکانی مرۆڤ دەکا. بەتایبەتیش کە یەکێ لەو هۆکارانەی دەبنە مایەی

بەکارهێنانی ڕەمز، ئەو هەموو پاڵە پەستۆیە کە کاریگەری لەسەر دەرونی شاعیرو ڕادەی ئارامی و نائارامی ئەو دەرونە و دڵەڕاوکێ و (تەنانەت نەخۆشی دەرونیش گەرهەبێت ) هەیە.

هەرچەندە لەتێڕوانینی فەلسەفیشدا بیری نەست و پەیوەندی بە داهێنان ، هەر لەدێرینەوە هەبوەو ڕەگ و ڕیشەی بۆ فەلسەفە دێرینەکان دەگەڕێتەوە، بەتایبەتیش

سەرنج و بایەخدای فەیلەسوفەکان بە جیاکردنەوەی هەست و نەست ،، بیرو زانای دەروونی فرۆید freud(١٨٥٦ _ ١٩٣٩)کاریگەریەکی زۆری لەسەر باڵوبونەوەی ڕەمز هەبووە ..چونکە فرۆید ئەمەی ڕونکردەوە ، کە زۆرجار

ئەقڵ تاقیکردنەوەیەک بە تاقیکردنەوەیەکی تر دەگۆڕێتەوە، بەمەش بەکارهێنانی شتێک

لەبری شتێکی تر یاشتێکی تر بنوێنێ سەری هەڵدا ،هونەر لای فرۆید وەسیلەیەکە بۆبەدیهێنانی ئارەزوو بەخەیاڵ، ،بەتایبەتیش ئەو ئارەزووانەی کە واقیع تێکیشکاندون هونەرمەند بۆ ئەم مەبەستە سود لەبەهرەکانی وەردەگرێت بۆهە مواركردنی

خەیاڵەکانی و گۆڕینیان بۆ ڕاستی بەجۆرێکی نوێ. واتە هونەر لای (فرۆید) لە ناوچەیەکی ناوەڕاستدایە، لەنێوان جیهانی واقیع ، کە بەئارەزوی تێرنەکراو دەورەدراوەو جیهانی خەیاڵ، کە ئەم ئارەزووانە تێردەکات. ئاسی دەرونی ڕەمز لەوە دایە هەروەک فرۆید لێی دواوە کەبەرهەمی خەیاڵی نەست و سەرەتایە لەوێنەی

کەلەپورو ئەفسانەکان دەکا ، بەڵام بەهۆی(کارل یۆنگ__carl jung) ١٨٧٥ – ١٩٦١) تێڕوان ینی دەرونی بۆ ڕەمز وێنەیەکی بەهێزترو نزیکترین شێوازی بەرهەمی ئەدەبی

وەرگرت و ئەوەی ڕەتکردەوە کەڕەمز تەنها پەیوەست بێ بە نەست بەڵکو تێیدا هەست و نەست تێکەڵ دەبن ..(پەخشان سابیر)

## ڕەمز لە شیعردا

ڕەمز بنەمایەکی گرینگی دەربڕینی شیعرییە ، بەرهەم و لە دایک  بووی لادانە واتاییەکانە ؛ چونکە هەر کاتێک ئەو پەیوەندییەی لە نێوان دال و مەدلوول هەیە، دەستکاری کرا ئەو واتایەی کۆمەڵگا لە سەری ڕێککەوتووە دەگۆڕێت؛ بۆیە لەقینی هاوسەنگی نێوان ئەم دوو پێکهاتە لە ڕەمزدا خۆی دەنوێنێت، کە لە گۆڕین و پێچەوانە کردنەوەی ئەو ڕێککەوتنە سەرچاوەی گرتووە خواستن و لێکچواندن دوو بنەمای گرینگی دروستبوونی ڕەمزی شیعریین ؛ چونکە ئەو وشە و گوزارانەی بونەتە ڕەمز لەسەر بنەمای لێکچوون ، یان خواستن ی وشەکە بەکارهێنانی بۆ واتایەکی  جیاواز لە واتا بنەڕەتییەکەی خۆی وەستاوە ، بەڵام کاتێک ڕەمز لە دەقی شیعرییدا بەکاردێت

دەبێت ڕەچاوی ئەمانە بکرێت:

. ١سیاقی زمانی : کە ڕەمزەکەی تێدا بەکارهاتووە؛ چونکە ئەوە دەزانین، کە وشەکە بە واتا بنجییەکەی بەکار نەهاتووە، بەڵکو وەک ڕەمز بەکارهاتووە ؛ بۆیە ((ئەوە سیاقە کە گرینگی و پێگە و ناوڕۆکە ئیستاتیکییەکەی بە ڕەمز دەبەخشێت؛ لەبەر ئەوەی وشەکە لە دەرەوەی ئەو سیاقە هیچ بەهایەکی جوانکاری نییە و نابێت بە ڕەمز ؛ لەبەر ئە وەی یەکێک لەو گۆڕانکارییە ڕیشەییانەی ، کە

(ریفاتیر) لە بارەی لادانەوە واتاییەکانەوە ئاماژەی پێداوە ،

(لادانی سیاقی) بوو ، کەچەند جۆرێکی هەیە ،  بەڵام (ریفاتیر) تەنیا گرینگی بە سیاقی شێوازی دەدا و بەوە دەیناساند ، کە نەسەقێکی زمانی دیاریکراوە دەچێتە ناو ڕەگەزێ کی چاوەڕواننەکراوە ، ئەمەش بە بۆچوونی ناوبراو بە لادانی سیاقی ئاماژە دەکرێت و کاریگەرییەکی ڕوونی لەسەر شێواز هەیە.

.١هەبوونی شارەزایی لە بارەی سەردەم و باری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی وشەی شاعیر و ئەو

کۆمەڵگایەی دەقەکەی تێدا نوسراوە ، کە تا ڕادەیەک یارمەتی خوێنە ر دەدات لە دۆزینەوەی

واتای دووەمی ڕەمزەکە ؛ چونکە ڕەمز بەهۆی ئەو ئیحایە ناوەکییەی هەیەتی ، هەندێک جار تێکچڕژاوی بەرزو داهێنەرانە بێت پەنا بۆ بەکارهێنانی رەمز دەبات بۆیە زۆربەی جار وەک پێوانەیەک بۆ هەلسەنگاندنی ئاستی لێهاتوی شاعیر پشتی پێ دەبەسترێت

.٢هۆکاری رامیاری شاعیر بەهۆی ترس لە دەسەڵات هەندێ دەربرینەکانی بە رەمز دەردەبرێت.

.٣هۆکاری کۆمەڵایەتی هەندێ جار دابونەریتی کۆمەڵایەتی دەربرینی هەندێک بابەتی دەبنە کۆسپ لەبەردەم شاعیر ناتوانێت بە ئاشکرا دەریانبرێت.

٤.هۆکاری رۆشنبیری شاعیر له ئەنجامی کاریگەربوونی به شاعیر و نوسەرانی میلەتی تر به تایبەتی رۆژئاوایەکان.

٥.هۆکاری دەروونی بەهۆی پابەند نەبونی شاعیر به وەهم و خەیال گوزارشت کردن هەندێ حالەتی ناوەوه نەست و بابەتی شاراوه رەمز بەکاردەهێنت رەمزی خودی

ئەم جره رەمزه شاعیر خۆی دای دەهێنت یان دەست کاری رەمزی کۆن دەکات به واتای تر بەکاری دەهێنت ئاستی داهێنانی بەرزتره له رەمزی گشتی . ،(سافیه محمد،٢٠١٣)

## جۆرەکانی رەمز

**١:ـ رەمزی ئەفسانەیی**:ـ رەمزی ئەفسانەیی هاتنی رەمز و ئەفسانە پێکەوە، واتە وەرگرتنی ئەفسانە وەک

قاڵبێکی رەمزی کە هێزی ئەفسانە لە رەمزدا پەخش دەبێت. بەکارهێنانی ئەفسانە وەک رەمزێک لەلایەن شاعیرانی هاوچەرخەوە زیاتر لە هۆکارێکی هەیە، لەلایەک واقیعی نەتەوەیی و لایەنەکانی کۆمەڵ دەردەبڕن، هاوکات خودی شاعیر و دەروونی دەردەبڕن. سیزیف، گلگامێش، سپارتاکۆس..هتد نموونەی ئەو ئەفسانانەن کە رەنگدانەوەیان لە شیعری شاعیراندا هەبووە، بەڵام دیارترینیان سیزیفە کە زۆر بە چڕی لە وێنەگەلی جیاوازدا بەکارهاتووە.

**٢:ـ رەمزی ئاینی:ـ** رەمزی ئاینی ئەم رەمزە یەکێکە لە رەمزە فراوانەکانی شیعری هاوچەرخ کە شاعیرانی هاوچەرخ لە بەکارهێنانیدا بە عەقڵیەتی ئاینی بیرناکەنەوە. رەمزی ئاینی لەوەی کە سروشت تێپەڕ دەکات، هاوکات لەناخەوە کۆمەڵایەتیشە. سەرچاوەکانی

رەمزی ئاینی لە شیعری هاوچەرخدا بریتیە لە: ئاینە ئاسمانییەکان و کتێبەکانیان(قورئان ، ئینجیل ، تەورات) هەندێ ڕەمزی ئاینی کە پەیوەستە بەخودی ئایین رابەرەکانیان، و ەکو زەردەشت و مانی ، بوزا ، پەیامبەر و گێڕانەوەی ژیان و موعجیزەکانیان، سرووتە ئاینییەکان، رەمزە سۆفیگەرییەکان بە کەسایەتیەکانی وەک

حەلاج و مەولانا، هاوکات شوێنە پیرۆزەکانی وەک مزگەوت و مەزار و دێرەکان ، پاشان جادوو و نوشتە و دەستخوێندنەوە.. مەسیح لەشیعری هاوچەرخدا

رووبەرێکی گەلێک بەرینی داگیر کردووە، لەبەرئەوەی وەک رزگارکەری مرۆڤایەتی ناسراوە.

**٣:ـ رەمزی مێژوویی:ـ** رەمزی مێژوویی هەموو شاعیرێک سوود لە مێژوو و رەگەزەکانی وەک رەمز وەردەگرێت، ئەمەش وادەکات خوێنەر لە شیعردا لایەنێکی دیکەی مێژوو ببینێت کە لە مێژوودا ونە. لەناو شاعیرانی هاوچەرخدا سەرچاوەی رەمزە مێژووییەکان بریتین لە

مێژوو و رەچەڵەکی کورد، میدیا و میرنشینەکان. مێژووی نەتەوە هاوچەشنەکانی وەک کورد لەوانە فەلەستین و ڤێتنام...مێژووی هاوچەرخ لە کارەساتە تراژیدی یەکانی

وەک ئەنفال و هەڵەبجە.. هاوکات کەسێتیە مێژووییەکانی وەک شێخ مەحمود و

رووداوەکانی وەک قەڵای دمدم و دواجاریش بەعس و ڕژێمی داگیرکەر ..ئەمانە هەمووی دەبنە کەرەسەی شیعر وەک رەمزی مێژوویی. بۆ نموونە مەلای خەتێ

یەکێکە لەو کارەکتەرانە کە رەمزی ناپاکیە و شیعری هاوچەرخ زۆر بەکاریهێناوە.

**٤:. ڕەمزی کەلەپووری:.** کەلەپوور کانگایەکی بەپیتی ڕەمزە ، پەیوەندیەکی دیالێکتیکی لەنێوان کەلەپوور و بابەتی سەدەمیانە هەگە، چونکە ڕابردوو بە ئێستاوە گرێدەدات. شاعیرانی هاوچەرخ زیاتر شیرین و فەرهاد، تێهەڵکێشی کۆپلە یان بابەتی فۆلکلۆر. هەروەها شێوازی هەبوو و نەبوو کە بەشێکە لە گێڕانەوەی حەکایەت بەکاردەهێنن.

**٥:. ڕەنگ وەک ڕەمز:**-ڕەنگەکان ڕەمزن و بەناوهێنانیان هۆشی وەرگر ئاراستە دەکەن ڕەنگی سپی نیشانەی ئاشتیە، بەڵام زۆرجار شاعیران بەپێی دۆخی دەروونی و لایەنی هونەری ڕەمزی ڕەنگەکان دەگۆڕن.

**٦:. ژمارە وەک ڕەمز:**-ژمارە لە ئەدەبدا ڕەمزئاسا رۆڵی هەبووە، بەڵام لە شیعری هاوچەرخدا بەهۆی ڕووداوەکانەوە هەندێک ژمارە بوونەتە ڕەمزی دیار بۆ دەربڕینی ناخی شاعیر و دۆخی کورد، بۆ نموونە چوار ڕەمزی چوارپارچەی کوردستانە، پێنج هەزار ڕەمزی شەهیدانی هەڵەبجەیە.

**٧:. ڕەمزی سەربەستی:** شاعیر هەڵدەستا ڕاستەخۆ وێنەی شیعریەکەی پێشکەش بە خوێنەر و گوێگر نەدەکرد هیچ وشەیەکیشی نەدەدا بەدەستەوە ڕاستەخۆ تێبگەیت لێی لەژێر ڕەمزا دەیشاردەوە، ئەمەش چەند هۆکاری هەبووە یان لەبەر هۆکاری سیاسی بووە یان لەبەر زیاتر بیر جوڵاندنی خوێنەر بووە ئەو ڕەمزانەشی کەبەکاریان دەهینا بۆ نموونە ( کۆتری ئاشتی ، خۆری شادیی.....)

**٨:. ڕەمزی سیاسی:** وتەیەک یاخود نیوە دێرە شیعرێک کە شاعیر بێت یان نووسەربێت ئەوا بە شێوەیەک بەکاری دەهێنێت کەوا دەکات لەبن ئەم نووسراوەیدا ڕەمزێکی گەورە بشارێتەوە کە تەنها خوێنەر و کەسانی ڕۆشنبیر تێبگەن ئەمەش لەبەر چەندەها هۆکاری ئەم سەردەمە بووە کەوای لە شاعیر کردووە ڕەمز بەکار بهێنێت

چونکە نەیان دەتوانی بە ئاشکرا قسە بەدەسەڵاتی زوڵم و زۆرداری ئەو سەردەمە بدەن ئەو ڕەمزانەشی کەبەکاریان دەهینا بۆ نموونە ( فڕین و هەڵۆ و هەڵسانەوە و ڕاپەرین ..... ).

# بەشی دووەم

# پڕاکتیزە کردنی شیعرەکانی عبدوڵڵا پەشێو

## بەشی دووەم

### ٢-١پڕاکتیزە کردنی شیعرەکانی عبدوڵلا پەشێو

پەشێو ساڵی ١٩٤٦ لە بنەماڵەیەکی ئایینی و لە گوندی "بێرکۆت"ی نزیک شاری هەولێر لەدایک بووە ئەو گوندە ئێستا بووەتە بەشێک لە شاری هەولێر پەشێو دەڵێ: "مامەکانم هانیان دام بچمە بەر خوێندن، یەکەم جار چوومە قوتابخانەی "خالیدیە بە عەرەبی دەمخوێند". ساڵی ١٩٦١ بۆ یەکەمجار دەست دەکا بە شیعر نووسین و یەکەم شیعری لە هەفتەنامەی (هەولێر)دا بڵاو دەکاتەوە. دوابەدوای ئەوە خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی هەر لە هەولێر تەواو دەکا. ساڵی ١٩٦٣ پەیوەندی دەکا بە یەکێتی قوتابیانی کوردستان و بەهۆی دژایەتیی ڕەخنەگرانەیەوە لە دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک شاعیرێکی سیاسیش دەرکەوتووە..هەر لەو ساڵانەدا دەست دەکا بە بڵاوکردنەوەی شیعرەکانی و لە ڕۆژنامەی دەنگ و باس شیعر بڵاودەکاتەوە چەندەها بەرهەمی تریشی هەبووە کە خولیاکانی زیاد لە پێویست بووە هەمیشە هەوڵی ئەوەی داوە کە ڕۆشنبیری و ئاستی زانستی خۆی بباتە لووتکە...

بەرهەمەکانی شیعری پەشێو...

- -پەشێو یەکەم هۆنراوەی لە ١٩٦٣ و یەکەم کۆمەڵە شیعری لە ١٩٦٧ بڵاو کردوەتەوە.
- -فرمێسک و زام (١٩٦٥–١٩٦٧)، چاپی یەکەم لە کەرکووک ١٩٦٧
- -بتی شکاو (١٩٦٧–١٩٦٨)، چاپی یەکەم کەرکووک
- شەونامەی شاعیرێکی تینوو (١٩٦٨-١٩٧٢) ، چاپی یەکەم بەغدا ١٩٧٢
- دیوانی براکوژی ، چاپی یەکەم هەولێر ١٩٩٤
- دوانزە بۆ منداڵان و چەند شیعرێکی قەدەغە (١٩٦٩-١٩٧٣) ، چاپی یەکەم بەرلین ١٩٩٧
- شەو نییە خەوتان پێوە نەبینم (١٩٧٣–١٩٧٩) چاپی یەکەم بەغداد ١٩٨٠
- برووسکە چاندن (١٩٨٠–١٩٨٨) ، چاپی یەکەم سوید ٢٠٠٠
- بەرەو زەردەپەڕ (١٩٨٩–٢٠٠١) ، چاپی یەکەم سوید ٢٠٠١
- هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا ٢٠٠٦ – (کۆی شیعرەکانی ١٩٨٠ تا ٢٠١٩) – هەولێر

ئەگەر سەیری شیعرەکانی عبدوڵلا پەشێو بکەین بەشێوەیەکی گشتی چەندەها ڕەمزی جۆرا و جۆری بەکارهێناوە بەڵام ئێمە لە چەند ڕەمزێک دەدوێن

بۆ نموونە

٢-_٢ ___ئەمڕۆ ڕۆژی شیعر نییە

بۆیە من بۆتان دێمە گۆ

بەزمانێکی یەکجار سادە

پێتان دەڵێم

ئەوەی کورد بێ و کورد بکوژێ

زۆڵە،تەرەسە،گەوادە!(عبدوڵلا،٢٠١٣، ١٦٣)

لەم شاعیردا کە شیعرێکی (سیاسیە) شاعیر زۆر بەتووندی و بەڕوونی هێرش دەکاتە سەر ئەو کوردانەی کە خۆ خۆرن و یەکتری لەناو دەبەن دەڵێت ئەمڕۆ ڕۆژی شیعر نییە ئەم نیوە دێرە ڕەمزە چونکە مەبەستی شاعیر باس کردنە لە سیاسەت نەک لە خودی شیعرەکە شاعیر هەوڵدەدات خەڵکی ئاگادار بکاتەوە لەم کارە نەگریس و قێزەون و خۆخۆرییە بۆیە زۆر بەجوانی و بەئاشکرا جنێو دەدات و سەرە کۆنەیان دەکات

٢_ ٣___سەرنجم دە

لەگەڵ ئەوەی پێستەکەشم بەفر و خوێنە

هەر لەتێکم ئاوەرەی ژێر ئاسمانێکە

گەنجینەی بێ سەروشوێنە

سەرنجم دە

منیش وەک تۆ،

خۆری شادی،

هی ئازادی،

وڵاتەکەم پێ نازانێ.

دەچمە دەریای ئارەقە و خوێن

دەست ناکەوێ پارچە نانێ.(پەشێو ، ٢٠١٣ ، ١٧ )

شاعیر هەڵساوە جۆرێک لە نامۆی بە شیعرەکەی وەنوساندووە کە وای لە خوێنەری شیعرەکە دەکات زیاتر بیر لە نامۆی لە شیعرەکەی بکاتەوە بەڵام لە ڕاستیدا مەبەستی شاعیر لەم شیعرەدا ڕەمزێکە بۆ سەربەستی هەروەکو دەڵێت (خۆری شادی) ئەمە ڕەمزە بۆ (سەربەستی) و دان بەخۆداگرتنی میلەتەکەی کە واپیشانمان دەدات هەر ڕۆژەک دادێت کە خۆری ئازادی هەڵدێت و ئێمەش لەگەڵ خۆری ئازادی شادی دەگێڕین

٢_٤___لەوانەیە

ڕۆژی نەورۆز

وەک پنجێک گیا

لەسەر گردی مەلا مەروان بژێیمەوە.

ڕەنگە شەوێک

لەگەڵ تیشکی بروسکدا

داپەڕمە خوار و بێمەوە،

بێنێک وەکوو تاپۆی ئاڵا

لەبەر چاوان بشنێمەوە. (پەشێو ، ٢٠١٣ ، ٩٢ )

لەم شیعرەدا شاعیر وێنەیەکی ڕەنگی کێشاو بە چەند شێوەیەکی جیا جیادا کە بەڕەمز بەکاری هێناوە لە شیعرەکەیدا کە لە نیوە دێری سێیەمدا بە گیا چواندیتی مەبەستی خودی گیا نییە مەبەستی لە سەوزاتی دێت چونکە دائیمەن سەوز لەبۆ گەشانەوەیە شاعیریش مەبەستی گەشانەوە و ئازادی کورد و کوردستانە کەئەمەش ڕەمزی (ڕەنگە)

لەنیوە دێری شەشەمدا کە هاتووە دەڵێت (لەگەڵ تیشکی بروسکدا) کەئەمش وەکو (ڕەنگ) بەکار هاتووە کە ڕەنگی بروسک تیژ و بەقوەتە کە دەیدات لە زەویدا هەمووی ڕوناک و گەش دەکاتەوە هەتا ئەگەر نیوەی شەویش بێت بۆیە وەکو ڕەمز بەکاری هێناوە کە ئێمەش ڕۆژەک دادێت وەکو ئەم بروسکەیە وڵاتمان ڕۆشن دەکەینەوە.

٢_٥___لەئاسمانەوە نەهاتووم

من میوان نیم

من میوانی

سێبەر قورسی کوردستان نیم

بەر لە مێژوو

کانیەک بووم لێرە دەربووم

بەر لەمێژوو

ئاگرێک بووم لێرە بووم.(پەشێو ، ٢٠١٣ ، ٢٢٣)

ئەگەر بەوردی لەم شیعرە جوانەی مامۆستا پەشێو بڕوانین دەبینین زۆر بەتەساوە باس لە مێژ و پڕ خێر و بەرەکەتی وڵاتەکەی دەکات و لەسەری دێتە گۆ بە چەند ڕەمزێکی (مێژووی) بۆ بەکار هێناوە لە شیعرەیدا بۆ نموونە کە دەڵێت ( کانیەک بووم ) لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە شاعیر باس لە مێژووی خۆی و گەلەکەی دەکات کە پێش چەندەها ساڵدا لەو کوردستانەی کە ژیاوە باسی کانی و خاکی خۆی دەکات کە بۆوان بۆتە دەرد و ناخۆشی و دەردە سەری ئەم کانی جوانییەی کوردستان وە بۆتە خۆشی و ئاوی حەیات بۆ داگیرکەر وە لە نیوە دێری کۆتاییدا باسی ئاگر دەکات کە بۆ وان بۆتە ئاگری سوتان و ناڵە و هاواری ڕۆژگار بۆ داگیرکەر و خوێنڕێژی پیس بۆتە مایەیی ڕوناکی و جوانی و شەوقی بەتین بۆ ڕێگایان و داگیرکردنیان

٢ــ ٦ــــ تۆ لە سەردەمی کورتە باڵایان

باڵی بەرزی خۆت لەکوێ هێناوە ؟

تۆ لەسەردەمی قاتی و نەهاتا ،

وەرزی سەوزی خۆت لەکوێ

هێناوە ؟

لەبەر خرینگەی

شیر و ... زرینەگەی

ئاڵتونی قورەیش

چۆن گوێت لە ناڵەو نرکەی عەلی

بوو ؟

چۆن لەبەر ژاوەی حایشە و

حەفسان

گوێت لە سکاڵای ماریەی قیتبی بوو ؟ (پەشێو ، ٢٠٠١ ، ١٥٩)

(عەبدوڵڵا پەشێو) ئەم شیعرەی بۆ (هادی عەلەوی) نووسیووە ، (هادی عەلەوی) ئەو بیرمەند و نووسەر و دەگمەنانەی عەرەبە ، کە لەکاتی کیماباران کردنی هەڵبجە دەستبەردار و نکۆڵی لە ناسنامەی عارەبی خۆی کرد و سەربەخۆی کوردستانی بەڕەوا زانی ، شاعیر لەم شیعرەدا ( قورەیش ، عەلی ، ئایشە ، حەفسە ، ماریەی قیتبی) وەک ڕەمز بەکار هێناوە ، هەریەک لەمانە دەگەڕێینەوە بۆ سەرەتای هاتنی (ئایینی ئیسلام) ، شاعیر بۆ نرخاندنی ئەو هەڵوێستەی (هادی عەلەوی)، هەڵوێستەکە تێکەڵ بە ئەو ڕوداو و بەسەرهاتنەی سەرەتای هاتنی ئایینی ئیسلام ، کە لە پێناو بیروباوەڕەکەیاندا ، بە گیان و ماڵیان قوربانیان داوە.

٢_٧__لەسەر شاشەی ناوچەوانت

شتێک نەما بەدیی نەکەم:

جێبرینی شیر و تیری

عەفلەقە سەر قانگەکانی سەدەی حەفتەم ،

ئاینوئۆینی خوشکەکانی (ان) و (کان)،

ترياكی موعەللەقات و

بەنگی ئیعڕابی (لن) و (لم)،

ناهیچ نەما لەو ساتەدا بەدیی نەکەم :(پەشێو ، ٢٠١٣ ، ٦٨)

لە نیوە دێری یەکەمدا شاعیر باس لە شتێکی ئەفسانەی دەکات کە دەڵێت (شاشەی ناوچەوانت) کە ئەمە ڕەمزە ڕەمزێکی ( ئەفسانەییە) چونکە تەنها لە ئەفسانەدا شتی وەها وتراوە و گوێبیست دەبین خۆ خودی مرۆڤ ناوچوانی شاشە نییە هەتاوەکو دونیایی تێدا ببینی و بزانی چی لە بەخت و ژیانی ئەو تۆدا دەگونجێت کەواتە ئەمە ئەفسانەیە کە شاعیر بیری لێکردۆتەوە ، کەچی لەڕاستیدا خۆی مەبەستی ناو چەوانی یارەکەیتی کە وەها بە گەورەی و جوانیەوە وەسفی کردووە وای کردووە یارەکەی لە ئەفسانە بچێت.

٢_٨___گەر بمەویٚ

کاتژمێری کامەرانیت ، بوەستێنم

گەر بمەویٚ

ئەڵقەی پەنجەت ، پیٚ فڕیٚ دەم

بەڵگەم پیٚ یە

هەزار بەڵگەی ئاشکرا و ڕوون

بەڵگەی... چوار هەزارساڵ پێکەوە بوون

بەڵام ! چ بکەم !؟

نەهەنگێکە خوێنی هەڵچوونم ئەخواتەوە ( پەشێو ، ٢٠٠٨ ، ٢٥)

لێرەدا شاعیر باس لەبەینی خۆی یارەکەی دەکات کەچەندەها ساڵە پێکەوە بووینە چەندەها ساڵە ئەو کچە دۆستی وی بووە بەڵام ئێستاکە شوی کردووە و بۆتە هی ژەسێکی تر لێرەدا شاعیر (ژمارە) ی وەکو ڕەمز بەکار هێناوە کە دەڵێت هەزار بەڵگە یاخود چوار ساڵ لەمەو پێش ئەمەش ڕەمزە بۆ جوان کرد و ڕازاندنەوەی زیاتری شیعرەکەی.

٢_٩___ئەی دایە گیان

ئێستا گەورەم و منداڵ نیم

ئەشقی تامی تفت و تاڵ نیم

کەچی ، ئەگەر ئەمجارەشیان

ڕێم بکەوێتەوە ( بێرکۆت )

لێشم بدەی

لێشم حەڕام کەی شیری خۆت

من بەتەشیەکەی منالّی دەڕێسمەوە

دار ، بەر ، گڵ ، قوڕ

چیم بێتە ڕێ دەیلێسمەوە! ( پەشێو ، ٢٠٠٨ ، ٤٥)

پەشێو لە بیر و ئەندێشەی منداڵی خۆی لای نەداوە هەرچەندە گەورە بووە و بۆتە کەسێکی کامڵ بەڵام هەمیشە یادی منداڵی خۆی لەیاد ماوە کەلەپوور و یاری و کارە خراپەکانی منداڵی خۆی لەیاد نەکردووە بەم شیعرە جوانەی یادی منداڵی خۆی دەکات و کەلەپوور و سەردەمی نوێی ئێستا بەیەکەوە گرێ دەدات

هەر وەکو دەڵێت ( ڕێم بکەوێتەوە بێرکۆت ) ئەمە کەلەپووری خۆیەتی باسی لانەی یەکەمی دەکات کەلێی ژیاوە دەڵێتە دایکی لێشم بدەی واتا هەر چیم لێبکەی من واز لە کەلەپوور و خووی منداڵی و زێدی خۆم ناهێنم

ئەمەش (ڕەمزی کەلەپووریە) کە شاعیر بەکاری هێناوە.

## ئەنجامەکان

١ لە شیعرەکانی عەبدوڵڵا پەشێودا ، زۆرترین لیلی و ڕەمز بوونی هەیە یەکێکە لەو شاعیرانەی کە لێلیەکی زۆر لە شیعرەکانیدا هەیە.

٢ لە شیعرەکانی شاعیردا ڕمزی سیاسی و مێژووی وەک یەکێک لە ڕەمزەکانی بەکاری هێناوە.

٣ عەبدوڵڵا پەشێو وەک شاعیرێک زیاتر گرینگی بە ناوەڕۆک داوە ، چونکە دەکرێت لەیەک شیعردا چەندەها خوێندنەوەی جیاوازی بۆ بکرێت و لێرەشدا ڕەمز بۆ خوێنەر گرنگیەکی زۆری هەیە.

٤ عەبدوڵڵا پەشێو ، زۆرکات بەپشت بەستن بەڕەمز پەیامی خۆی ناردووە ، جا بۆ کۆمەڵگا بێت یان بۆ یارەکەی.

٥ عبدوڵڵا پەشێو وەکو شاعیرێکی هاوچەرخیش ، زۆرترین وشەی سەردەمیانەی بەکار هێناوە و کردوویەتیە ڕەمز و وە دوور کەوتنەوە لە وشە کلاسیکیەکیانەی لە شیعرەکانی کۆندا بەکار هاتووە ، چونکە ئەو ڕەمزانە سواون و خوێنەر تاڕادەیەک لێی تێدەگات.

## سەرچاوەکان


مەحویی ، محمد ، (٢٠٠٨) ، زانستی هێما ، هێما واتا و واتا لێکدانەوە ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی پەیوەند، بەرگی یەکەم.

ئەحمەد، سافیە محمد ،(٢٠١٣) لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی حاجی هاشمیی.

مەحمود ، ئازاد محمد ، (٢٠٠٩) ، بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ، چاپخانەی حاجی هاشم.

عبدوڵڵا پەشێو ، شاعیرێک لە ڕەگەزی سەربزێوی ، ٢٠١٣

چاپخانەی شەهاب ، هەولێر.

عبدوڵڵا پەشێو، بروسکە چاندن ، کوردستان چاپی دووەم ، هەولێر ، ٢٠٠١ ، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

عبدوڵڵا پەشێو ، بەرەو زەردەپەڕ ، چاپی یەکەم ، سوید ٢٠٠١.

عبدوڵڵا پەشێو، هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا ، ٢٠٠٨

چاپخانەی هەولێر